Dengekan

# روسيا و سوريا:
# بنكەی سەربازی و هاوپەیمانێتی و چی تریش...؟

ن/سەعد مەحیۆ
و/هێمن مەحمود

ئایا ئەو تۆمەتانە راستە کە ئیسرائیل بۆ روسیای هەڵبەستوە و پێی وایە روسیا خەریکبوە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێك لە نێوان ئیسرائیل و سوریادا ، و هەروەها بەوەی گوایە روسیا بەنیازە بنکەی سەربازی دەریایی لە هەریەك لە (لازیقیە و تەرتوس) دا بکاتەوە ؟

تۆمەتی یەکەم وادەردەکەوێت کە موبالەغەیەکی زۆری تیادا کرابێت، ئەگەر درۆش نەبێت. ئەوە راستە کە مۆسکۆ بەردەوام زانیاری هەوالگری فەزایی دەربارەی چالاکیە سەربازییەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا بە سوریا دەبەخشێت ، بەلاّم هیچ قازانجێکی لەوەدا نیە سوریا بخاتە شەڕەوە ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە : هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی سوریادا نیە ، و ئەگەر سوریا شەڕەکەی دۆڕاند ئەو روسیا گرنگترین هاوپەیمانی ستراتیژی مێژووی خۆی لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا لە دەستدەدات.

لە بەرامبەردا تۆمەتی دووەم وادەردەکەوێت زۆر ووردبێت ،چونکە مۆسکۆ بە فیعلی دەیەوێت بنکەی سەربازی دەریایی لە ولاّتی شام دا بکاتەوە ، ئەمەش شتێکی نهێنی نیە.

لە کۆتاییەکانی مانگی ئاب دا ئەدمیرال (ڤلادیمێر ماسۆرین) ی فەرماندەی هێزی دەریای روسیا رایگەیاند ولاّتەکەی بە نیازە بونێکی دەریای بەردەوامی لە دەریای ناوەڕاستدا هەبێت.

هەرچەندە ئەم فەرماندە سەربازییە ناوی سوریای نەهێنا ، بەلاّم شارەزا روسیەکان ماوەیەکی زۆرە لە بەندەرەکانی ( تەرتوس ، لازقییە) ن ئەویش وەك خۆئامادەکردنێك بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو بنکە سەربازییە دەریاییانەی کە پێشتر یەکێتی سۆڤیەت بەکاری دەهێنان و لەساڵی 1991 ەوە لەکار خراون.

کەواتە ئیسرائیل بیانوی باشی هەیە بۆ ئەوەی کە نیگەران بێت لە رۆڵی روسی لە سوریادا ، ئەم بیانوانەش دەمانخاتە بەردەم دوو رونکردنەوەی تر:

یەکەم ، بە فیعلی روسیا لە هەوڵی دەستهاوێشتندایە بۆ رۆژهەلاّتی ناوەڕاست ، ئەمەش نەك هەر بەتەنها لەوەدا بە دیاردەکەوێت کە چەکی پێشکەوتو دژە فڕۆکە و تانك و فڕۆکەی میگ 32 ی بەخشیوەتەوە روسیا ، بەلکو لە هاوکاری بەردەوامیشی بۆ توانا ئەتۆمی و سەربازییەکانی ئێرانیشدا دەردەکەوێت .ئەمە جگە لە هاوکاریکردنی بزوتنەوەی "حەماس"یش و هەوڵە نهێنیەکانی بۆ پەکخستنی هەوڵەکانی ئەمریکا لە رێکای سوریا و ئێرانەوە لە عیراقدا.

بە دڵنیاشەوە بونی پاپۆڕە جەنگییەکانی روسیا لە ئاوە گەرمەکاندا وەك راگەیاندنێکی رەسمی وایە لەلایەن روسیای گەورەوە بەوەی کەوا ئیدی "ئەمەریکا" و "ئیسرائیل " بە تەنها نین لە ناوچەکەدا.

دوهەمینیش ، ئەم گەڕانەوەی روسیا رووەو سوریا بەشێکە لە ستراتیژییەتییەکی گەورەتری روسی بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی هێز لەجیهاندا بە هاوشانی ئەمەریکا.

ئەمەش لەچەند کردارێکدا بەدیاردەکەوێت کە روسیا گرتویەتیە بەر ،بۆنمونە لە 17/ئاب سەرۆکی روسیا "پوتن" بریاریدا بە گەڕخستنەوەی 79 فڕۆکەی ستراتیژی کە 900 موشەکی ئەتۆمی لە جۆری کروز هەڵدەگرێت لەسەر ئاسمانی زەریاکانی جیهان ئەویش پاش وەستاندنی بۆ ماوەی 15 ساڵ.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە شانازیکردنی سەرۆکی هێزی ئاسمانی روسیە بەوەی کە بە گەڕخستنەوەی ئەو فڕۆکانە وەهایکرد لە چەند فڕۆکەیەکی ئەمریکی کە لەبنکە سەربازییە نزیکەکانەوە هەستابون هێندە نزیکبنەوە لە فڕۆکە روسیەکان فڕۆکەوانەکان زەردەخەنە بۆ یەکتری بکەن.

ئەو کاتەی کە فڕۆکەوانەکان بۆیەکەم جار بۆ یەکتری زەردەخەنەیان دەکرد پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ، پوتن لە پەیماننامەی کەمکردنەوەی چەکی تەقلیدی ئەورووپی کشایەوە و هەرەشەی ئەوەی کرد ئەگەر بێت و ئەمەریکا سیستەمی دژە موشەکی لە پۆڵەندە و چیك دابمەزرێنێت ئەوا پێشبڕکێی چەك دادەمەزرێنێتەوە.

ئەمەش لێکۆڵەرەوەکانی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەو مانگی هەنگوینیەی کە روسیا و ئەمریکا پاش هەرەسی سۆڤیەت و هێرشەکانی 9/11 تیادا دەژیان بوەتە بەشێك لە مێژوو، ئەوەشی ئێستا هەیە گەڕانەوەیە بۆ بێ متمانەیی و خۆپڕچەککردن .

لەم پەنجەرەی دابڕانە ستراتیژییەوە روسیا رویکردۆتە بەندەر و فڕۆکەخانە و بەرگرییە سەربازییەکانی سوریاوە ،بەلاّم روسیا و سوریا تاوەکو کوێ دەتوانن لە ململانێکاندا هاوکاربن ؟ وە ئایا دەتوانین ئەوە بڵێین کە سوریا دەتوانێت بەردەوام دەبێت لە دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکی لە رۆژهەلاّتی

ناوەڕاستدا ؟ وە ئایا بڕوای تەواوی بە روسیا هەیە؟

سەرچاوە/

رۆژنامەی (الخلیج) ی ئیماراتی

9/3